# لە داهاتوودا هەموو شتێک وایەرلەیس دەبێت

لەم سەردەمەدا بۆ پەیوەندی نێوان دوو ئامێری دیجیتالی بۆ نموونە مۆبایل و کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن و سەتەلایت...تاد. پێویستی بە وایەر و کێبڵی تایبەتی هەیە، بەڵام لە چەند ساڵی داهاتوودا گشت ئامێرەکان لە ڕێگەی وایەرلەیسەوە وەك سیستەمی بلوتوس، وای-فای و سیستەمی دیکە پەیوەند دەدرێن و کێبڵ نامێنێت.

کۆمپانیای ئەنتەل هەوڵیداوە لەم بوارەدا پێشەنگ بێت و یەکەمین لاپتۆپی بێ وایەر بەرهەم هێناوە کە نە بۆ شەحنکردنەوە نە بۆ پرێنت و سکاینەر و ئامێری دیکە پێویستی بە کێبڵ نییە. ئەم تەکنەلۆژییە نوێیە پێی دەگوترێت Wi-Di و نموونەی یەکەمی لاپتۆپەکە دراوەتە شارەزایانی بواری تەکنەلۆژی تاکو پرۆگرامی تایبەتی بۆ بەرهەم بێنن. کۆمپانیای لینۆڤ رایگەیاندووە کە پرۆگرامی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە کۆمپیوتەرانە بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت زانیاری لە نێوان ئامێرەکان بە خێرایی 7 گێگابایت لە چرکەیەکدا بگوازێتەوە.





# گرفتەکانی کۆمپیوتەرەکەت خۆت چاکی بکەوە




زۆربەمان بۆ گرفتێکی بچووك داوای هاوکاری لە شارەزایەکی بواری کۆمپیوتەر دەکەین، سەیرێکی کۆمپیوتەرەکەمان بکات و بزانی گرفتەکە لە کوێدایە؟ بەڵام ئەگەر هیچ شارەزای بواری کۆمپیوتەریش نەبیت، گەر پرۆگرامی System Mechanic دابەزێینە سەر کۆمپیوتەرەکەت، ئەوە پرۆگرامەکە وەك وەستایەکی شارەزا هەڵەکان دەدۆزێتەوە و گرفتەکان دەستنیشان دەکات. ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتیش هەبێت گرفتەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چاك دەکاتەوە. هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- چاککردنەوەی سیستەمی کۆمپیوتەر و خێراکردنی.
- دەستنیشانکردن و لابردنی زیاتر لە 30 هەزار گرفتی کۆمپیوتەر.
- سڕینەوەی فایلە زیادییەکان.
- بردنە سەری خێرایی هێڵی ئینتەرنێت.



# تەبلێت، یان مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی پێشکەوتوو

تەبلێت و مۆبایلە ژیرۆکەکان شاشەیەکی گەورەتریان هەیە بۆ نیشاندان لەکاتی وێنەگرتندا بە بەراورد بە کامێراکانی وێنەگرتن، بەڵام هەستەوەر و لێنزی کامێراکان زۆر لەسەرترە. ئامێری Calmet mount ئەم ئامێرەیە کە دەکرێت بە جۆرەکانی تەبلێت و مۆبایلە زیرەکەکانەوە پەیوەند بدرێ و بیانکاتە بە کامێرایەکی پێشکەوتووی وێنەگرتن، هەتا دەکرێت فلاش و ئامێری دیکەی تایبەت بە وێنەگرتنیشی لەسەر دابندرێت. وەك لە وێنەکەدا دیارە کاتێك تەبلێت، یان مۆبایلەکەت لەسەر دانا وەك کامێرایەکی DSLRیان لێدێت، بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانرێت وێنەکە دەستکاری بکەی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا وەك فەیسبوك و تویتەر و ئیسنتاگرام بڵاوی بکەیەوە.



# ئینتەرنێتی خێرا بۆ فڕۆکەش دەگوازرێتەوە

گرفتێکی سەرەکی ئەو گەشتیارانەی بە فڕۆکە گەشت دەکەن، ئەوەیە کە لە ناو فڕۆکەدا هێڵی ئینتەرنێت نییە، یان ئەگەر هەیە خێراییەکەی ئەوەندە لە خوارێیە کە وەك نەبێت وایە. کۆمپانیایەك هەوڵیداوە ڕێگە چارەی ئەمە بدۆزێتەوەو ئانتێنێکی تایبەت بەناوی mTenna بەرهەم بێنێت کە پێچەوانەی ئالیارەکانی دیکە سوود لە پەیوەندی مانگی دەستکرد وەردەگرێت. هەتا ئێستا ئەم ئانتێنە هەر تاقیکردنەوەدایە و ئەگەر سەربکەوێت ئیدی گەشتیاران دەتوانن بەبێ گرفت سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن.

# گۆرەوی هۆشمەند




لە سەرەتادا کاتژمێری زەنگدار و لە دواییانەشدا مۆبایل بۆ هەستان لە خەوی بەیانیان سوودی لێوەردەگیردرێ، هەرچەندە زۆر کەس بێزارە لە جەرەسی بێدارکردنەوە، چونکە زەنگەکە تەنیا یەك کەس لە خەو هەڵناستێنێ، بەڵکو هەموو ئەندامانیماڵەوە بەهۆیەوە لەخەو هەڵدەستن. لەم دواییەدا شارەزاییەکی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری جۆرە گۆرەوییەکی هۆشمەندی بەرهەمهێناوە بە ناوی Acuwake کە لەکاتی دیاریکراودا بە ئارامی بنی پێی بەکارهێنەرەکەی قدیلە دەدات و لەخەوی هەڵدەستێنێ. پرۆگرام دانان و چۆنییەتی کارکردنی گۆرەوییەکە لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئەنجام دەدرێت.

# پرێنتەری سێ ڕەهەندی تایبەت بە مۆبایل

لەم دوو ســـاڵەی دواییدا گۆڕانکارییەك بەسەر پرینتەر داهات، ئیدی پرینتـــەر هەر ئەو ئامێرە نییە كە تەنیـــا دەق و دوكیۆمێنت بخاتە سەر كاغەز، بگرە پرێنتەر سێ ڕەهەندییەكان واتە 3D دەتوانن كەلوپەلیش دروســت بكەن، بەڵام پرینتەرە ســێ ڕەهەندییەكان زۆر گرانبەهان، هەربۆیەشە لە بازاڕ نابیندرێن.

لەم دواییەدا پرینتەرێكی بچـــووك بەناوی Tiko بەرهەم هاتووە كە هەم هەرزانە و هەم دەكرێت لە ڕێگەی مۆبایلەشـــەوە فەرمانی پێ بكەی كەلوپەل دروست بكات. پرینتەرەكە بە بەراورد بە پرینتەرە سێ ڕەهەندییەكان بچووكە، لە ڕێگەی پرۆگرامێك كەلەسەر مۆبایل دادەندرێـــت، دەتوانرێـــت كەلوپەلی یاری منداڵانە بەرهەم بێنێت.





# لە گۆچانی وێنەگرتن

ئێســـتا ئەوانەی نیازیان هەیـــە وێنەی ڕووبەڕووی خۆیان بگرن، ئەوەی پێی دەگوترێت وێنەی (سێلفی)، دەبینـــن گۆچانێكی تایبەت هەیە كـــە مۆبایلەكە لە ســـەری دادەندرێـــت و لە ڕێگـــەی دوگمەیەك كە لە خوارەوەی گۆچانەكە هەیـــە، دەتوانن بە هۆیەوە وێنە بگرن. لـــەم دواییـــەدا ئامێرێكی دیكـــە تایبەت بە



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرســێت: ئایا دەكرێت لەسەر كۆمپیوتەرەكەم دوو، یان ســێ ئەنتــی ڤایرۆس هەبێــت؟ بۆ ئــەوەی كە هیچ ڤایرۆسێك نەمێنن؟**

خوێنـــەری ئازیـــز: بوونـــی ئەنتی ڤایرۆس بـــۆ كۆمپیوتەر گرنگە، وەك چارەســـەری بەر لە نەخۆشـــبوون وایە، بەڵام دانانی تەنانەت دوو ئەنتی ڤایرۆســـیش لەگەڵ یەك لـــە كۆمپیوتەرێكدا ناگونجێن و كێشـــە بـــۆ یەكتر دروســـت دەكەن، هەتـــا هەندێك لـــە ئەنتی ڤایرۆســـەكان ئەنتی ڤایرۆســـی دیكـــە وەك ڤایرۆس دەبینن. خێرایی كۆمپیوتەرەكەت بـــە تـــەواوی دادەبەزێنـــن، لە یـــەك كاتدا دەســـت دەكـــەن بە ســـكانكردنی كۆمپیوتەر و بۆیە كۆمپیوتـــەر دەوەســـتێت. بوونی ئەنتی ڤایرۆســـێكی باش لەسەر كۆمپیوتەرەكـــەت گرنگە، نەك ئەوەی كە چەندین ئەنتی ڤایرۆس دابەزێنیە سەر كۆمپیوتەر.

# كیبۆردێكی بلوتوسی بۆ مۆبایل

گەلێك جاران كە لاپتۆپەكەت لە بەردەستدا نییە، دەتەوێ وتارێك، یان بابەتێك بە مۆبایل بنووسی، بەڵام بەو كیبۆردە بچووكەی مۆبایل وەك ئەوەیە بە دەرزی چاڵ هەڵبكەنی، چونكە نووسینی پەرەگرافێكیش بە مۆبایل زۆر دژوارە!

كیبۆردی بلوتۆسی بۆ مۆبایل چێكراون كە بەهۆی بلوتوسەوە بەمۆبایل پەیوەند دەدرێـــن یەكێك لەم كیبۆردە بلوتوســـییانە تایبەتە بە ئایفـــۆن6، هەروەك دەزانین شاشـــەی ئایفۆن6 یش هەندێك گەورەترە لە ئایفۆنەكانی دیكە. ئەم كیبۆردە ڕۆڵی كەڤەرێكی بەرگریش دەبینێت بۆ ئایفۆنەكە و دەیپارێزێت لەكاتی كەوتنە خوارەوەدا. جگە لەوەش دەتوانرێت مۆبایلەكەی لەسەر دابندرێت.





# سەرنجێک لەسەر کاتژمێری Gear A

کاتژمێری هۆشمەند ئەگەرچی نەیتوانیوە لایەنگرێکی زۆر بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەڵام لەنێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنــــی ئامێری دیجیتالــی رکابەرییەکی زۆر لە ئارادایە بۆ بەرهەمهێنانی نوێترین کاتژمێری زیرەك!

سامســۆنگ وەك یەکێـــك لە رکابـــەرە جددییەکان لە گۆڕەپانەکەدا ســـەیردەکرێ و لەریزی یەکەمی داهێنەری کاتژمێری زیرەکیش دایە، لەم ماوەیەدا کاتژمێری زیرەکی جــۆری Gear A بەرهـــەم هێنا، کە ســـتایلەکەی لە وەك کاتژمێرە کلاسیکییەکان دەچێ و بازنەییە. گرنگترین خاڵی ســـەرنج لەم کاتژمێرەدا ئەوەیە لە تۆڕی G3 پەیوەندییەکان ســـوود وەردەگرێ و سیمکارتی دەچێتە سەر. بە داهێنانی کاتژمێری زیرەکی ناوبراو، سامسۆنگ دەتوانێت پێشەنگی مەیدانەکە بێت، یان کۆمپانیا رکەبەرەکەی واتە LG یەکەم دێتەوە چونکـــە ئەویش بەم زووانـــە کاتژمێرەکەی خۆی دەخاتە بازاڕەوە کە لە سیستەمی G4 سوود وەردەگرێت.



## ــــــی سێلفییەوە بۆ پۆدۆ

وێنەگرتنی ســـێلفی بەرهەم هاتووە کە پێی دەگورێت: (podo)، ئـــەم ئامێرە بەقەد دوگمەیەکی گەورە دەبێت. بەبێ هیـــچ وایەریەك بە مۆبایـــل پەیوەند دەدرێت و بە هۆیەوە دەتوانی وێنەی خۆت لەســـەر مۆبایلەکەت ببینی. ئەم ئامێرە لە تاریکیشـــدا فلاشـــی هەیە و بە هەموو شتێکیشەوە دەلکێندرێت.



## سایتێک بۆ گۆڕینی فۆرماتەکان

زۆر جاران لە بەشی ناساندنی سایتدا، ئەو ســـایتانەمان باس کردوون کـــە ئەرکێکی زۆرتان لە کـــۆڵ دەکەنەوە لـــە بواری گۆڕینـــی فۆرماتـــی فایلێك بۆ فایلێکـــی دیکە، بۆ نموونە نیازت هەبێـــت فایلێکی وۆرد بکەی بـــە فایلێکی PDF یان فۆرماتی وێنەیـــەك بگۆڕی بۆ فۆرماتێکی دیکە. سایتی http://ilovefile.comیش یەکێکە لەم سایتانە. لە سایتی ناوبراودا بە ئاســـانی دەتوانی فۆرماتی فایلێـــك بگـــۆڕی، گۆڕینی فۆرمات لەوکاتانـــەدا گرنگە کە هیچ پرۆگرامێکی تایبەتت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نەبێت. لەم ســـایتەدا چوار جۆر فایل دەگۆڕدرێـــت، دۆکیۆمێنتی، وێنەیـــی، دەنگـــی و کتێب، لەکاتی پێویســـتدا ســـەرێك لە ســـایتەکە بدەی سوودی بۆتان دەبێت.




## قەپانی هۆشمەند بۆ چاودێریی تەندروستی

ئەوانەی نیازیان هەیە کێشیان دابەزێنن، لانیکەم لە هەفتەیەکدا جارێك دەچنە سەر قەپان (تەرازوو) بۆ ئەوەی کە کێشیان بزانن. کۆمپانیایەك تەرازوویەکی هۆشمەندی بەرهەم هێناوە و کە زانیاری سەبارەت بە کێشتان بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. تەرازووە هۆشمەندەکە دەتوانێ ٥ کیلۆ هەتا ١٥٠ کیلۆ بکێشێ، لەو زانیارییانەی کە بۆ مۆبایل بەڕێی دەکات تۆماری ئەو رۆژانەی کە خۆت کێشاوە لەخۆیدا رادەگرێت و بە یەکتر بەراوردیان دەکات و بەهۆیەوە دەزانی لە ماوەی هەفتەیەکدا چەندە کێشت دابەزیوە.